

# شەڕی بەنی هاشمی و ئەمەوی لە وولاتی  نیفاق و فراق

## ئەردەڵان عەبدوڵڵا

مێژوونوسی گەورەی عەرەبی ( حسێن مروه ) بنووسی کتێبی( النزعات المادیة فی الفلسفة العربیة الاسلامیة) ، کەلەسەر ئەم کتێبە مەزنەی گیانی پاکی کردە قووربانی  سەگەکانی حزب اللەی لوبنانی. ئەم کتێبە زۆر بەجوانی باسی مێژووی عەرەب پێش ئیسلام و کاریگەری ئاینی ئیسلامی لەسەر کۆمەڵگای عەرەبی دەرخستووە . هەربۆیە منیش بۆ شیکردنەوەی ئەم وەزعەی ئێستای عیراق سوودی زۆرم لێوەرگرت . ئەم بەرێزە پێمان دەڵێت کە( مەککە لەلایەن عەشیرەتی قورەیشەوە حوکم دەکرا . قوریەشیش دوو بەش بوون ، ئەوانەی لە نزیک کەعبە دەژیان پێیان دەووتن قوریەشی البطاح، کەئەمانە دەوڵەمەندو بازرگانەکانی مەککە بوون . قورەیشی زەواهیر ، کە خەڵکە هەژارەکەی مەککە بوون و لەدەوروبەری  شاری مەککە دەژیان ، هەربۆیە ئەم ناوەشیان لێناوون .،ل221 ) . مێژوونوسێکی تری گەورەی عەرەب ( سید مەحمود القمنی) ، کەبنووسی کتێبی ( حروب دولة الرسول) ، کە ئەمیشساڵی پار کەوتە بەر هەرەشەی برا دینیەکانی میسرەوە . ئەم کتێبە ش کە دووبەشە بەیەکێک لە سەرچاوە باشەکان دەژمێرێت . ئەم بەرێزە لەم کتێبەیدا  باسی ( دووکەرتی قوریەش  دەکات کە لە دوو تیرەی سەرەکی پێکهاتوون . تیرەی بەنی هاشم کە پێخەمبەر سەر بەم تیرەیە بووە ،هەروەها تیرەی ئەمەوی.
هەردووکیشیان بەردەوام لە شەردابوون .ل27 ) . تیرەی بەنی ئەمەوی کە لە بازرگانە گەورەکانی مەککە پێکهاتبوو ، ئەبو سفیانیش سەرۆکی بووە ، کە گەورەترین بازرگانی مەککە بووە . لێ تیرەی بەنی هاشم ، لە چینە هەژارەکانی  مەککە پێکهاتوون . ئەبوسفیان و تیرەکەی گەورەترین دوژمنی موحەمەد بوون و لەشاری مەککە دەریان کرد .لێ پاش ئەوەی موحەمەد بەشەر هەموو جەزیرەی عەرەبی دەگرێت ، ئەمانیش دێنە سەر ئاینی ئیسلام . پاش ئەوەی کەدەبن بە مووسڵمان ، ئەو کەسانەی کە جاران دژایەتی موحەمەدیان دەکرد، دەسەڵاتی گەورەیان کەوتە دەست بۆ نموونە ( خالیدی کوری وەلید و معاویەی کوری ئەبو سفیان ) . ئەمە ترۆتسکی بە ( دووالیزمی دەسەڵات ، ازدواجیة السلطة) ی ناودەبات .
کە موحەمەد دەمرێت شەر دەکەوێتە ناو ( ئەهلی بەیت) وە ، موعاویەی کوری ئەبو سووفیان لە وولاتی دوو رووباردا (عێراق) ، شەری خۆی لە دژی ئەهلی بەیت بەرپادەکات و خۆی دەکاتە خەلیفەی مووسڵمانان و دەسەڵاتی ئەمەوی لە شام دروست دەکات . ئەو کات خەڵکی عێراق بەحوکمی ئەوەی هەر لەئەوەڵەوە ئەم وولاتە لە لایەن عەرەبەوە داگیرکراوە ، هەر بۆیە هەموو کات دژی دەسەڵاتە عەرەبیە جۆراوجۆرەکان شەریان کردووە . بەشێکی زۆری خەڵکی عێراقیش لەم شەرەدا، پشتگیری ( ئەهلی بەیت) دەکەن و دژی دەسەڵاتی موعاویە دەوەستنەوە . ئەویش حەجاجی خوێنمژیان بۆ دەنێرێت و ئەم برا دینیە هێندە تینووی خوێن دەبێت ، کە هەردوو

رووباری عێراق سوور دەکات و تەنها بە و شێوەیە تینووی دەشکێت . پاشان بۆ زەوق ناوی ( بلاد نفاق و فراق ) لەعێراق دەنێت . مامۆستای گەورەی زانستی کۆمەڵناسی ( عەلی وەردیش) ، لەکتێبە مەزنەکانی ( طبیعة المجتمع العراقی ، لمحات اجتماعیة من تاریخ العراق الحدیث). ئا لەم کتێبانە دا زۆر بەجوانی باسی مێژووی خوێناوی عێراق و داگیرکەری وەحشی توورکی عوسمانیمان بۆ دەکات . هەر لێرەدا ئەم بەرێزە باسی شەری شیعەو سونە دەکات . کاریگەری هەر دوو دەوڵەتە وەحشیەکانی ئێران و عوسمانی دەردەخات .دیارە ئەمان بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئاگری ئەم شەرەیان خۆش کردووە . ئەم بەرێزە دەڵێت ( کە ئێران عێراقی داگیربکردایە ، شیعەکان ماڵی سونەکانیان داگیر دەکردوو مزگەوتەکانیان دەسووتانن ، تەنانەت جارێکیشیان قەبری ئەبی حەنیفەیان فرێ دایە دەرەوەی بەغداوە . بەهەمان شێوەش گەر عوسمانی عێراقی داگیربکردایە ، ئەوا سوونە ماڵی شیعەی تالآن دەکردوو مزگەوت و مەزارەکانیشیان دەسووتانن.کە ئینگلیزیش عێراقی داگیرکرد ، شیعە لەدژی وەستایەوەو شۆرشێ لەدژی کرد ، لێ سونە هاوپەیمانی لەگەڵ بەست و حوکمی عێراقی کرد ) .

لێ کاتێک ئەمەریکیەکان هاتن ، شیعە ئەم جارەیان هەڵەی جارانی نەکردوو بوون بەهاوپەیمانی ئەمەریکا ، لێ سوونە بە پێچەوانەوە کەوتە دژایەتی کردنی ئەمەریکا ، چونکە حوکمی عێراقیان لە دەست دەرچوو. ئەم شەرەش رۆژ لەدوای رۆژ توندتر دەبێت . شیعە خۆی بە زوڵم لێکراوی دەستی سوونە دەژمێرێت ، سوونەش خۆی بەماڤ خوراو دەزانێت. سوونە هەر فێربووە شیعە و کورد پێی بڵێن ( **نعم سیدی)** ، ئێستا ئەمان ناتوانن بە کوردێک و شیعەیەک بڵێن( **فخامة الرئیس ، سیدی الرئیس)** . ئەم ووشانە هێندە بۆ قورگی سوونە زەحمەتن ، کەبە هیچ شیوەیەک ئەم ووشانە قورگی وشکۆوەبوویان فێنک ناکاتەوە . دوێنی مەزارگەی هەردوو ئیمامی پیرۆزی شیعە مهدی و عەسکەری لەسامەرا ، کەوتە بەر هێرشێکی تیرۆرستانەوە . ئەم رووداوە بووە هۆی تەقینەوەی شیعەو ئاگری تۆڵە هەردوولای گرتەوە ، 30 مزگەوتی سوونە سووتێنران و لە بەعقووبەش 53 شیعە لە پاسێکدا ، لەلایەن گرووپە سوونیەکان سووتێنران . رووداوەکە هێندە ترسناک بوو کە هەموو جیهانی هەژاند و هەموو ترسی شەری ناوخۆو تایەفەگەریان لە عێراقدا لێنیشتووە. بۆشی ئەمەریکا و بلێری ئینگلیزیش داوای هێمن کردنەوەی ئەو وەزعە دەکەن ، کە خۆیان بۆ گەلی عێراقیان خوولقاندووە . دەبێت ئەوەش بڵێم کە لە راپەرینی ساڵی 1992 شدا ، حوسێن کامیلی زۆڵە زاوای سەدام، چووە سەر مەزراگەی حوسێن لە کەربەلاو پێی ووت ( من حوسێنم ناوە تۆش حوسێن ، بزانم کامان ئازاین ) ئەوەبوو بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە ئازایە ، مەزارگەکەی بەسەردا رووخاند . لە هەمووی سەیرتر ئەوکات جیهانی بەناو ئیسلام نووتقی لێوە دەرنەهات و هەر وەک بلێیت ئەم حوسێنە کورەزای موحەمەد نەبێت ، کەچی ئێستاش لەبەر دوو رەسمی منالآنە عالەمیان تێکداوە . جالەبەر ئەوە ئەم کارە لەکاری پیاوە ئازاکانی بەعس دەچێت ، چونکە کەس هێندەی ئەوان حەزی بە خوێنی گەلی عێراق نییە. ئەم شەرەی کە ئەمرۆ لەعێراقدا خەریکە دەستپێدەکات ،تەنها لەقازانجی داگیرکەرانی عێراق ( ئەمەریکا وئینگلیز) و ، وولآتە چاوچنۆکەکانی ناوچەکەیە لە پێش هەمووشیانەوە ( مەملەکەتی شەری سوعدیە ، کۆمارە شۆڤێنیەکەی توورک و کۆمارە درندەکەی ئێران و سووریا) . هەر وەک هەموو جارێکیش گەلانی عێراق زەرەرمەندی سەرەکی ئەم شەرەن .

ئەڵمانیا